

# گرنگە رێژەی بەشداریی ئافرەتان لە کابینەی نوێ بەرز بێت

## بەشداریی زیاتری خانمان سیاسەتی دەوڵەتداری و ئابووری بەهێز دەکات

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**یەکێتی نێودەوڵەتی پەرلەمانان لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕاپرسییەکی لەبارەی ١٨٧ خانمی سیاستمەدار لە ٦٥ دەوڵەتدا کرد و ٨٠٪ی بەشداربووانی ئەو ڕاپرسییە ڕایانوابوو کە زیادکردنی نوێنەرایەتی ئافرەت و بەشداریکردنیان لە سیاسەت، حکومەتی نوێ دەکاتەوە و کاریگەری ئەرێنی لەسەر خۆشگوزەرانی و بەهێزبوونی ئابووریی وڵات دەبێت. زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانیش بەشداریکردنی ئافرەتان لە سیاسەت و حوکمڕانی بە یەکێك لە پێوەرەکانی پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانیی وڵاتەکەیان هەژمار دەکەن، لەو بوارەشدا ئەزموونی زۆری تاقیکراوەیان هەیە، بەڵام ئایا لە هەرێمی کوردستان ئەم هاوکێشەیە تاقیکراوەتەوە؟ ئایا دەسەڵاتی حوکمڕان و لایەنە سیاسییەکان پشتیان بەتواناکانی خانمان بەستووە و لە ناوەندەکانی بڕیاردان جێگەیان بۆ کردوونەتەوە؟ خودی خانمان لەو بوارەدا چ هەنگاوێکیان هەڵگرتووە و کۆسپەکانی بەردەمیان چین؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

### خانمان زیاتر لە گرفتەکانی ئابووری تێدەگەن

ئابووریناس کاروان جەلال، بەشداریکردنی ئافرەتان لە سیاسەت و حوکمڕانی وڵاتدا بە هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانی هەژمار دەکات و دەڵێت: «زۆر لە وڵاتانی جیهان توانیویانە بە بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە پۆستە جیاوازەکاندا لە ڕووی ئابوورییەوە هەنگاوی باش بنێن و سەرکەوتووبن، بەتایبەتی بەشێکی زۆر لەو وڵاتانە پشتیان بە تواناکانی ئافرەتان بەست، بۆ ئەوەی لایەنی ئابووری فراژوو بکەنەوە».

ئەو ئابووریناسە ڕایوایە خانمان زیاتر لە گرفتەکانی ئابووری تێدەگەن، چونکە ئافرەت لە ڕووی پێکهاتەییەوە سەرپەرشتیاری ئابووری خێزانەو ئابووریی خێزان ڕێکدەخات لەبەر ئەوە زیاتر دەتوانێت لەکێشەکان تێبگات، گوتیشی: «بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە زۆر وڵاتی جیهاندا کار بۆ ئەوە کراوە کە ئافرەت لەو پۆستانە کاربکات کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کەرتەکانی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، لەبەر ئەوەی ئافرەتان زیاتر لەکێشەکان تێدەگەن و دەزانن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە بکەن، بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا کە جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی نامۆی ئابووری بووەتەوە و ئافرەتانیش دەتوانن بەشێکی زۆری ئەو بۆشاییە ئابوورییانە پڕبکەنەوە».

کاروان جەلال جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتان کاتێك دەتوانن برەو بەتوانا ئابووری و داراییەکانی وڵات بدەن، کە پۆستەکانیان لە هاووڵاتیانەوە نزیك بێت و لەڕێگەی ئەو پۆستەی کە بەڕێوەی دەبەن گرنگی بە پێشخستنی توانا مرۆییەکان بدەن، بەتایبەتی ئەگەر پۆستەکەیان ناوەندی بێت، زیاتر لە خەڵك نزیك دەبن و دەتوانن زیاتر خزمەت بکەن. هەروەها بەشداریی ئافرەتان لەپرۆسەی سیاسی پەیوەستە بەوەی کە تاچەند دەتوانێت لەپۆستەدا ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەبێت. هەروەها دەڵێت: «لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین ئافرەت لەپۆستە باڵاکانی هەردوو لایەنی ئیداری و حزبی بەشدارن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕۆڵێکی کارایان هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بەشداریی ئافرەتان لە پۆستە باڵاکانی ئیداری و حزبیدا لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە دوو سێ هێندەی بەشداریی ئافرەتان بێت لە وڵاتێکی وەك جەزائیر، بەڵام لەڕووی پراکتکییەوە ئەو ڕێژەی کەمەی ئافرەتانی جەزائیر لەپۆستەکاندا توانیویانە زۆرترین ڕۆڵ ببینن.

### گرنگە لە کابینەی داهاتوو وەزارەتێکی تایبەت بە خانمانی هەبێت

کۆمەڵناس شادان ئەمین ڕایوایە «هەتا ئەمڕۆ ئافرەت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەیتوانیوە دیوار و کۆت و بەندەکان ببڕێت، بۆیە کەمتر هەوڵی سەربەخۆبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی داوە، گوناهەکەشی بۆ ئافرەتان ناگەڕێتەوە، بەڵکوو ئەوە ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەت کە پلانی توکمەی لەو بوارەدا هەبێت». گوتیشی: «زۆر بەداخەوە حکومەت لەو بوارەدا کەمتەرخەمی زۆری کردووە، بۆ نموونە دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە کەمترین ڕێژەی ئافرەتان سوودیان لە پڕۆژەی قەرزی بچووك بینوە، ئەمەش نیشانەی نەبوونی پڕۆگرامێکی تۆکمەیە».

شادان پێشنیار دەکات: کابینەی داهاتوو وەزارەتێکی تایبەت بە خانمانی هەبێت و دەڵێت: «بە بڕوای

**پێویستە ئافرەتانی هیچ ناوچەیەک لە پۆستەکان بێ بەشنەکرێن**

**ڕاگرتنی باڵانس بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ئافرەتان لە هەموو ناوچەکاندا یەکێک لە ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە**

**ئەزموونی ئەوەمان هەیە کە ئافرەتان لە زۆر پۆستی بەڕێوەبەری و بریکاری و ڕاوێژکاری سەرکەوتوو بوون**

**هەتا زیاتر هەستی بڕوا بەخۆبوون لە ناو ئافرەتان پەرە بستێنێ، زیاتر دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرکەون**

**لە هەرێمی کوردستان هەندێک گۆڕانکاری ئەرێنی کراون و لە ئێستادا ئافرەتان چەندین پۆست و پلەیان وەرگرتووە، کە پێشتر تەنیا لەسەر پیاوان حساب کرابوو**

**بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان خۆیان کار بۆ ئەوە ناکەن کە پێبگەن و لە ئاستی وەرگرتنی پۆستی باڵادا دەرکەون**

من سەرکەوتوویی کارنامەی حکومەت لەوەدایە کە وەزارەتێکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی و چاودێری ئەو پرۆژانە هەبێت کە تایبەتن بەئافرەتان، چونکە لەکابینەی پێنجەمدا وەزارەتی تایبەت بە ژنان هەبوو، ئەم وەزارەتە توانی زۆر شتی گرنگ بکات و چاودێری زۆربەی ئەو شتانە بکات کە تایبەتن بە ئافرەتان، بۆیە هیوادارم ئافرەتان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتدا پێداگری لەسەر دووبارە دروستکردنەوەی ئەم وەزارەتە بکەن».

ئەو کۆمەڵناسە لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە نابێت تەنیا لەبەر ڕاگرتنی باڵانسی رەگەزی لە کابینەی نوێی حکومەتدا ڕێژەیەکی زۆری پۆستەکان بە ئافرەت بدرێت و پێویستە پێوەرەکە توانا و پسپۆڕی بێت، واتە زۆر گرنگە کۆمەڵێك پرەنسیپ هەبێت بۆ ئەوەی ئافرەتی بەتوانا دەستنیشان بکرێ و دواتر پۆستی پێبدرێ، ئەوەش ڕوویێکی جوانی ئافرەت پیشانی کۆمەڵگە دەدات.

## بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی زەروورەتێکی هەمیشەییە

مەیادە محەممەد ئەلنەجاڕ چالاکوانی بواری ئافرەتان و پسپۆڕی یاسا، سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی زەروورەتێکی هەمیشەییە و پێویستیشی بە کۆمەڵێك پرەنسیپ هەیە، گوتیشی: «لە



زۆربەی فەرهەنگە زانستی و کەلتوورییەکان گوێمان لەو دەستەواژە بووە کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە، بەڵام لە کۆمەڵگە نەریتسالار و نێرسالار هەمیشە ئافرەتان مافیان پێشێل کراوە و قسەی سەرەتا و کۆتایی هەر بۆ پیاوان بووە بۆیە دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئافرەتان لە پۆستە باڵاکان پەراوێز خراون، ئەم پەراوێزخستنەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە بە بڕوای ئێمە پێویستە زۆر بە جددی کاری لەسەر بکرێت، چونکە ئافرەت تەنیا چێشتلێنەرێکی چاك و بەرگدروویەکی دەستڕەنگین و هاوسەر و دایکێکی دڵسۆز نییە، ئەو تێڕوانینە وایکردووە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی پلە و پۆستی باڵایان لە حکومەتدا هەیە، ناگاتە ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەست، بەڕاستی ئەمە کارەساتە، چونکە سەرەڕای زیادبوونی بەردەوامی ڕێژەی خوێندەواری بە هەر دوو ڕەگەزەوە، کەچی پیاوە خاوەن بڕوانامەکان دەبنە سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ و ئەندامی سەرکردایەتیی حزب و زۆربەی پلە و پۆستی گرنگ و باڵای حزبی و حکوومی قۆرخدەکەن، بەڵام ئافرەتە خاوەن بڕوانامەکان و پسپۆڕەکانیش ڕێژەیەکی زۆریان دەبنە دەستڕەنگین و ئافرەتی



ماڵ و فەرمانبەرێکی سادە، ئەوانەی زۆر چالاکن دەبنە چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر ئەمەشە وایکردووە کەمترین ڕێژەی ئافرەتی سیاسەتمەدارمان هەبێت و بە دەگمەن ئافرەتێك دەگاتە پۆستە باڵاکان».

## لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی ئەرێنی دەبینرێت

شادیە عەبدولوەهاب چالاکی مەدەنییەو ئەویش سەرەتا پەراوێزخستنی ئافرەتان لە گەیشتن بە پۆستە باڵاکانی حکوومی بە «کارەسات» هەژمار دەکات و هاوکات دەڵێت: «لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە کار بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان بکرێت، چونکە پێگەیاندنی ئافرەتی کارامە سەرەکیترین هەنگاوی پێویستە بۆ بەرەوپێشچوونی سیستەمی وڵاتداری، ئافرەتانیش نابێت لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان کەمتەرخەمی بکەن، بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان خۆیان کار بۆ ئەوە ناکەن کە پێبگەن و لە ئاستی وەرگرتنی پۆستی باڵادا دەرکەون».

شادیە ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە «لە هەرێمی کوردستان هەندێك گۆڕانکاری ئەرێنی کراون و لە ئێستادا ئافرەتان چەندین پۆست و پلەیان وەرگرتووە، کە پێشتر تەنیا لەسەر پیاوان حساب کرابوو، بۆ نموونە لە ئێستادا ئەفسەری پلە بەرزی ئافرەتمان هەیە، بەڵام شەرمنی و نەبوونی کەسایەتیی بەهێز وادەکات ئافرەت نەتوانێت مافەکانی دەستبکەوێت، مافیش هەتا هەوڵی بۆ نەدرێ، دەست ناکەوێت».

## پێویستە سوود لەتواناكانی ئافرەتان وەربگیرێت

لە لای خۆیەوە پەرلەمانتار حەیات مەجید، لە دەستپێکی قسەکانیدا هیوای خواست لە کابینەی نوێی حکومەتدا ڕێژەی ئافرەت زیاد بکرێت، گوتیشی: «ئافرەتی لێهاتوو و بەتوانامان ژمارەیان کەم نییە و پێویستە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار بکرێن، دەستنیشانکردنی ئافرەتانیش بۆ پۆستی باڵا پێویستە لەسەر بنەمای چۆنایەتی بێت، نەك چەندایەتی، واتە گرنگ توانا و شارەزاییە و گومانیش لەوەدا نییە کە ئافرەتانی پسپۆڕ هیچیان لە پیاوانی شارەزا و پسپۆڕ کەمتر نییە».

گوتیشی: «هەتا زیاتر هەستی بڕوا بەخۆبوون لە ناو ئافرەتان پەرە بستێنێ، زیاتر دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرکەون، حکومەتیش پێویستە سوود لەتواناکانی ئافرەتان وەربگرێت، ئەزموونی ئەوەشمان هەیە کە ئافرەتان لە زۆر پۆستی بەڕێوەبەری و بریکاری و ڕاوێژکاری سەرکەوتوو بوون».

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە گرنگە لەکاتی دەستنیشانکردنی پۆستەکاندا هیچ ناوچەیەك لەبیر نەکرێ، گوتیشی: «پێویستە ئافرەتانی هیچ ناوچەیەك لە پۆستەکان بێبەشنەکرێن، ئەمەش بۆ ناوچەگەری نییە، بەڵکو ڕاگرتنی باڵانسە بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ئافرەتان لە هەموو ناوچەکاندا، ئەوەش یەکێك لە ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە».

**لە ئەمڕۆدا کە جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی نامۆی ئابووری بووەتەوە، ئافرەتان دەتوانن بەشێکی زۆری ئەو بۆشاییە ئابوورییانە پڕبکەنەوە**

**خانمان زیاتر لە گرفتەکانی ئابووری تێدەگەن، چونکە ئافرەت لە ڕووی پێکهاتەییەوە سەرپەرشتیاری ئابووریی خێزانەو ئابووری خێزان ڕێکدەخات لەبەر ئەوە زیاتر دەتوانێت لەکێشەکان تێبگات**



# ڕەگەزسالاری لە هاوکێشەی (مرۆڤسالاری)دا جێی نابێتەوە

**کۆمەڵگەی ڕەگەزسالاری (دایکسالاری و باوکسالاری) لە ڕابردووی دوور و نزیکی مێژوودا بەردەوام لە دادپەروەری و یەکسانی دوور کەوتۆتەوە و هەردەم لەسەر بنەماکانی دەسەڵات و هێز و موڵکداری بونیاد نراوەو لایەنێك لایەنی بەرامبەری پشتگوێ خستووە، بەتایبەتی لە وڵاتانی نەریتسالاری و نێرسالاریدا هەردەم بە بیانووی جیاکاری بایۆلۆژی مافەکانی ڕەگەزی مێ پێشێل کراوەو تەنانەت بە ڕێژەیەکی بەرچاو خانمان ڕووبەڕووی دەستدرێژی و کوشتن بوونەتەوە. لە ئێستاشدا گەرچی بزاڤی (فێمێنیست)ی بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی دایك/ژنسالاری دەکات، بەڵام زۆربەی تیۆریسیۆنەکانی دادپەروەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بە شیاوی کۆمەڵگەیەکی ئینسانی نازان و دەخوازن: هەموو چالاکی و هەوڵەکانی حکوومی و مەدەنی، بە ئاراستەی گەیشتن بە یەکسانی ڕەگەزی و جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی عەدالەت و ئازادییەکان و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ بێت و هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی چڕ بکرێنەوە، با بزانین بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان چ خوێندنەوەیەکیان لەو بوارەدا هەیە.**



ئەمەل جەلال محەممەد ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە هەزارەی سێیەمدا هەنگاوەکان زیاتر بە ئاراستەی سیستەمی مرۆڤسالارین و هەر بزاڤێك لە بەرامبەر ئەو سیستەمەدا شکست دەهێنێت، گوتیشی: سەردەمی هۆشیاریی تاك لە کۆمەڵگە وابەستەیە بە فەلسەفەی حوکمڕانی وڵات و ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەسەڵاتی حوکمڕانی بەڕێوەی دەبات.

**سیستەمێکی پیاوانە لە فەلسەفەی حوکمڕانی بە یەکسانی ڕەگەزی پابەندنابێت**

ئەمەل ڕایوایە «قبوڵنەکردنی ئافرەت لەلایەن کۆمەڵگەو بەشداری پێنەکردنی لەکایە سیاسییەکاندا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت ناهۆشیارە، یاخود لەبەرامبەر مافەکانی بێدەنگە، بەڵام سیستەمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا سیستەمێکی نێرسالاری و نەریتسالارییە و سیستەمێکی پیاوانەش بۆ فەلسەفەی حوکمڕانی بە یەکسانیی ڕەگەزی پابەند نابێت، بۆیە پێویستە هەوڵی جددی بدرێ بۆ ئەوەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەرەو مرۆڤسالاری هەنگاو بنێت و ئەو سیاسەتەش بەرپرسیارە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە «بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان گوتیشی: «ئافرەتانی ئێمە گیرۆدەی سیستەم و یاسایەکن، کە هەتا ئێستا کۆت و بەندی کردوون و لەچوارچێوەی دیوارەکانی ماڵەوە قەتیسی کردوون، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا هەوڵ و چالاکی جددی هەبووە»، نموونەشی بەوە هێناوە کە بە هەوڵی ئافرەتانی هۆشیار لە هەرێمی کوردستان یاسای توندوتیژی دەرکرا و یاسای باری کەسی هەموار کرایەوە، ئەگەر پیاوان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هۆشیار بوونایە و بڕوایان بە مافی مرۆڤ بووایە، دەبوو ئێستا کۆمەڵگەیەکی زۆر تەندروست و دوور لە توندوتیژیی خێزانی و دوور لەکوشتنی ئافرەتمان هەبووایە.

**ئافرەت لەگەڵ خۆی و بەرامبەرەکەیدا هەردەم بوونەوەرێکی نەرم و هێمن بووە**

یاساناس هێڤی جۆلا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: ئافرەت هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە لەگەڵ خۆی و بەرامبەرەکەشیدا بوونەوەرێکی نەرم و هێمن بووە، هەر ئەمەش وایکردووە، کاتێك ئافرەت لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بینیوە و لە دەسەڵاتدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، ئەو کۆمەڵگەیە کەشێکی ئارامتری بە خۆیەوە بینیوە، بەپێچەوانەوە هەتا ئافرەت زیاتر پەراوێز خراوە، ئارامی و بەختەوەری و ئاسوودەیی کۆمەڵگە زیاتر کەوتۆتە مەترسییەوە.

ئەو یاساناسە هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەی ژنسالاری ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: «بە ڕای من ئافرەت و پیاو تەواوکەری یەکترین، سەقامگیری و بەرزبوونەی ئاستی ئابووری و بەرجەستەکردنی شارستانییەتی هەر کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بە هاوبەشی پێکردنی هەر دوو

ڕەگەز و هۆشیاری و گۆڕینەوەی بیر و بۆچوونی هەردوو ڕەگەز چارەسەری فراوانی لێ بەرهەمدێت، بەڵام بێ ڕێکخستن و دوورخستنەوە و وەلانانی لایەنێکیان دەبێتە هۆی لاسەنگ بوونی تای تەرازووی مافەکان»، گوتیشی: «بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێمە بە تەنیا کارکردن بۆ چەسپاندنی مافی ئافرەت بەس نییە و ناکرێت چوارچێوەی کارەکان تەسك بکرێتەوە و تەنیا پەیوەست بکرێت بە ئافرەتەوە، بەڵکو دەبێت ئاڕاستە بکرێت بە شێوەیەکی فراوان بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی، چونکە لە کۆتاییدا ئافرەتیش مرۆڤە و جیاکردنەوەی مافەکانی لە ڕەگەزی نێر خۆی بۆ خۆی پێشێلکاری مافەکانیەتی، لە کۆتاییشدا سەرجەم بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئافرەت و پیاو دوو پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگەن و بوونی یەکسانی و هاوکاری لە نێوانیاندا و ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکتر هۆکاری سەرەکییە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی تۆکمە و سەرکەوتوو».

## یاسا و ڕێساکانی ژیان دەبێ لە بنەمای مرۆڤسالارییەوە سەرچاوە بگرن

ڕۆژنامەنووس هۆشمەند چەکوانی، هەمان ڕای هەیە و ئەویش دەڵێت: «زۆرجار قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە مادام ئێمە مرۆڤین، ئیتر دەبێ ژیانیشمان مرۆڤسالارانە بونیاد بنرێت، تەنانەت یاسا و ڕێساکانی ژیانیش دەبێ لەو بنەمایە سەرچاوە بگرن، دەنا هەرچییەك بۆ مافەکانی لایەنێك بکرێت، ئەوا لایەنی بەرامبەر بەشخوراو دەبێت». میدیاکار و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبین فەتاح، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «چەمکگەلێکی وەك پیاوسالاری و ژنسالاری ناکرێ سادە بکرێنەوە، لەبەرئەوەی لەلایەك ئەو پرسانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێك فۆڕم و پێدراویان هەیە، لەلایەکی دی لە هەر قۆناغێکدا دەشێت پرسەکە فۆڕمێکی دی وەربگرێت. بۆ نموونە ئەگەر قسە لەسەر چەمکێکی وەك پیاوسالاری بکەین، وەك شێوەیەك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە تیایدا پیاوان دەسەڵاتیان بەسەر ژنانەوە هەیە، ئەو شێوە کۆمەڵایەتییە دەشێت لە هەر قۆناغێکی کۆمەڵایەتیدا فۆرمێکی جیاواز وەربگرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەك مانای دیاریکراودا دەکەین. زۆرێك لە توێژەران لە قسەکردن لەسەر بابەتی پیاوسالاری لەبری قسەکردن لە سەر کرۆکی بابەتەکە، خۆیان بە فۆڕمەکانی پیاوسالارییەوە گرێ دەدەن، بەو شێوەیە ئەوان ناتوانن لە پیاوسالاری تێبگەن، وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو بیرکردنەوەی خۆیان بە فۆرمێکەوە دەبەستنەوە، کە لەوانەیە ئەو فۆرمە کۆتایی بێت، بەڵام پیاوسالاری لە فۆرمێکی تردا دەتوانێت خۆی دووبارە بکاتەوە. لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر پرسی پیاوسالاری و ژنسالاری پتر وابەستەیە بە پێدراوەکانی پیاوان و ژنان بەگوێرەی کەلتوورە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەو شێوەیە پێدراوەکانیش بەپێی کۆمەڵگەکان و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگە جیاوازییان هەیە. ئەگەر قسە لەسەر پێدراوەکانی ژنان و پیاوان بکرێت، من پێموایە کێشەکە لە هەندێك پرسی وەك یەکسانی و نەبوونی جیاوازی لە نێوان ژنان و پیاواندا نییە، بەو مانایەی کە بزووتنەوەکانی فێمێنیزمی - ئەگەر ئەو ناوبردنە شیاو بێت - بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان بە فۆڕم دەبەستنەوە، نەك کرۆکی بابەتەکە، ئەوە وادەکات ئەنجامێکی ئەوەندە ئەرێنیمان دەست نەکەوێت، پرسەکە پەیوەندی بە پێدراوەکانی کەلتورییەوە نییە و نابێت لەو چوارچێوەیەدا قسەی تێدا بکرێت، بەڵکو کرۆکی بابەتەکە خۆی لە مەسەلەکانی یەکسانی لە ئاستە مرۆییەکەیدا دەبینێتەوە، بە مانای ئەوەی دەبێت وەك مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ تاکەکان بکرێت، لە دەرەوەی جیاوازییەکانی ڕەگەزیی نێرینە و مێینە، چونکە جیاوازییەکانی لانیکەم جەستەیی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا دەشێت جۆرێك لە جیاوازی لە ئاستی پێدراوەکانی کەلتووری دروست بکات، بەڵام ئەوە هیچ لە مرۆڤبوونی مێینە کەم ناکاتەوە، هەروەك زیادەیەکیش ناخاتە سەر مرۆڤبوونی نێرینە، ئەوە تێگەیشتنێکی مرۆییانە بۆ ڕەگەزەکان و لەسەرووی جیاوازییەکانی ڕەگەزییەوە دەوەستێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت یەکسانی لە ئاستی تواناکان و پێدراوەکاندا دروست بکەین، بە دڵنیاییەوە شتێکی ئەوتۆمان دەستگیر نابێت، مەبەست لە هەموو ئەوە، ئەوەیە کە دەبێت ژنان و پیاوان لە ئاستێکی مرۆییدا یەکسان بن.

## مرۆڤسالاری کرۆکیی بەختەوەری و ئاسوودەیی هەر کۆمەڵگەیەکە

دارا محەممەد چالاکی مەدەنییە و ئەویش لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «هیچ کێشەیەك بێ ماندووبوون و تێکۆشانی بەردەوام چارەسەر ناکرێ و پێویستە بۆ ئاگادارکردنەوەی تاك و کومەڵگە بەرامبەر بە پێگەی ئافرەت هەوڵی بەردەوامان هەبێت، گوتیشی: ویست و ئامانجەکانی ئافرەتان لە پێکهێنانی بزووتنەوەی ئافرەتان بە درێژایی خەبات لە قۆناغەکانی یەکەمیدا بریتیبوون لە مافی دەنگدان و مافی یەکسانی لە وەرگرتنی میرات و مافی کارکردن و سەربەخۆیی ئابووری، هەروەها هاوتاکردنی مووچەی ژن و پیاو لەسەر کار، کە دەرفەتی کاریان یەکسان و مووچەشیان یەکسان بێت، بەڵام لە ئێستادا چەسپاندنی سیستەمی مرۆڤسالاری و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی کرۆکی بەختەوەری و ئاسوودەیی هەر کۆمەڵگەیەکە، لە هەرێمی کوردستانیش کەسە چالاك و کاراکانی بواری مەدەنی و گروپە یەکسانیخوازەکان لەسەر کێشەکانی ئافرەتان لێدوانی جددی و چالاکی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام پێویستە هێنانەدی مافەکانی ئافرەتان لە کلێشەی مافەکانی مرۆڤ دەرنەچێت و بە هەردوو ڕەگەزەوە لە دژی جیاوازیی ڕەگەزی خەبات بکەن».

**لە هەزارەی سێیەمدا هەنگاوەکان زیاتر بە ئاراستەی سیستەمی مرۆڤسالارین و هەر بزاڤێک لە بەرامبەر ئەو سیستەمەدا بوەستێت شکست دەهێنێت**

**پێویستە هێنانەدی مافەکانی ئافرەتان لە کلێشەی مافەکانی مرۆڤ دەرنەچێت و بە هەردوو ڕەگەزەوە لە دژی جیاوازی ڕەگەزی خەبات بکەین**

**لە ئێستادا چەسپاندنی سیستەمی مرۆڤسالاری و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی کرۆکی بەختەوەری و ئاسوودەیی هەر کۆمەڵگەیەکە**

**هەر کاتێک ئافرەت لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بینینەوە و لە دەسەڵاتدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، ئەو کۆمەڵگەیە کەشێکی ئارامتری بە خۆیەوە بینیوە**